کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
31-7-2007 1:07 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# کوا ئاسایش کوا پۆلیس کوا پێشمەرگە بۆ جێ بەجێی ناکەن فەرمانی سەرکردە ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

8-خەرمانان-2707ك

هەموو کوردوستانیەکی دلسۆز بە خوێنی شەهیدان و خاکی کوردوستان ئەزانێ کەهەزارەها شارو شارۆچکەی کوردستانیان وەك رووی زەوی تەخت کرد و (ئالآی بەعسیان) لێ چەقاند؟؟ چەندەها رۆلەی قارەمانی گەلەکەمان لە ژێرسێبەری (ئالآی بەعس دا) لەسێدارەدرا؟؟ 182 هەزار کوردیان ئەنفال کرد لەژێر (ئالآی بەعس) دا؟؟ لەسەرهەر بستە زەویەکی ئەم کوردوستانە خوێنی ئالی پێشمەرگەیان پرژان دوو بە (ئالآی بەعس) وە هەل هۆلەیان ئەگوتەوە؟؟هەر لەژێر (ئالآی بەعس دا) بوو هەموو بریارێك دژ بە گەلی کورد ئەدرا؟؟؟ زۆرهاوارمان کرد لای بەن لەسەر مەزارگای شەهیدان لەسەر بەرزایەکانی کوردوستان لەسەر فەرمانگەو شوێنە گشتیەکان هەمووی کۆکەنەوە لەناو چالێك دا بیسوتێنن نەوەك مندالێکی کورد ئەو ئالآیەی بەعسی بەردەسستی کەوێ و نەزانێ پێلاوەکەی پێ پاك بکاتەوە؟لەباتی ئەوەی پاکی کاتەوە هەزار ئەوەندە جار پێلاوەکەی پیس کاتەوە؟ هەموو کوردوستانیان دلشاد بوو بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم بۆلابردنی ئەوئالآیە؟؟ کەچی ئیستا بەرێز سەرۆکی هەرێم نالێ ئەم کوردە لەکوێ وە هینایانەوە کوردوستان ئەو ئالآیە تابی بەستن لە سەرو سنگ و سمتیان خۆیانی پێوە بایەن؟؟ زۆرپێ خۆشحال بووین کەعێراق بردیەوە، تابۆمان دەرکەوێ ئالآی بەعس و خاوەنەکانیان لەکوردوستان بالآدەستن و گوێ نادەن بەفەرمانی سەرۆکایەتیمان چونکە هەر بەهۆی ئەو ئالآیەوە گەیشتونەتە ئەو جێگایەی ئیستا تیا وەستاوەن

هەموورۆژێ رووی تێ ئەکەن و خیری بۆئەکەن و چینە لە دەسکەوتەکانی خۆێنی شەهیدان ئەکەن و بەونیازەی رۆژێ لەرۆژان ئەوئالآیە بگەرێتەوە و ئەم جارە لە سەرو سنگ و سمتیان ببەستن و نەك بۆ تۆپی پێ هەلپەرن بەلکو بۆ پۆستال لەپێ هەلپەرن؟؟ بۆئەوەی دوژمنان مان بزانن هەموو یەك دەستین ئەبێ فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێم جێ بەجێ بکرێ ئالآی بەعسی فاشست لەکوردوستان تۆووی نەمێنێ؟؟؟؟؟؟

( (کوا ئاسایش کوا پۆلیس کوا پێشمەرگە بۆ جێ بەجێی ناکەن فەرمانی سەرکردە ) )

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.